شانۆگەریی من و شێت

ئایین و کۆمەڵگە دەبنە ڕێگر

پەسار فایەق
Pasar82@yahoo

شانۆگەریی "من و شێت" لە نووسین و دەرهێنانی شانۆکاری لاو کارۆخ ئیبراهیم کە ستافەکەی لە ١١٠ کەس پێکهاتوو بوو، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ (٢٩ی تەموز/ جولای تا ١ ئاب/ ئۆگست) لە هۆڵی "گەل" لە هەولێر بۆ جەماوەری شانۆیی نمایشکرا.

ئەم بەرهەمە شانۆییە، بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گروپی "گەنج بۆ شانۆ"یە.

ئەم شانۆگەرییە کە پێشوازییەکی گەرمی لە سێ ڕۆژی نمایشیدا لێکرا، ناوەڕۆکەکەی باس لە کوڕێکی موسڵمان و کچێکی مەسیحی دەکات، هەردووکیان یەکتریان خۆش دەوێت، بەڵام بەهۆی رازینەبوونی باوکی ئەو دوو کوڕو کچە کە خاوەن دوو ئایینی جیاوازن و هەندێ یاسا دانراوە لەهەریەک لەم دوو ئایینەدا لە کاتی پێکهێنانی پڕۆسەی هاوسەرگیری و لەبەر ڕەچاوکردنی هەندێ دابونەریتی نێو کۆمەڵگا بەم خۆشەویستییەی ئەوان رازی نابن...

کارۆخ ئیبراهیم دەرهێنەری شانۆگەریی "من و شێت" ئاماژەی بەوەکرد کە لە ١٣ حوزیران/ جون دەستیان بەپڕۆژەی شانۆگەرییەکە کرد و لە ١ی تەموز/ جولای دەست بە کاری تەکنیکی ناو هۆڵەکە کراوە و لە ٢٩ی هەمان مانگ یەکەم نمایشی شانۆگەرییەکە ئەنجام دراوە.

کارۆخ ئەوەشی ڕوونکردەوە کە بڕیاروابوو جەماوەر لە ڕێگەی کڕینی بلیتەوە ئەم بەرهەمە شانۆییە ببینن، گوتیشی "لەسەر داوای وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی کە ئەم بەرهەمە شانۆییە ببێتە بەرهەمی ئەوان، لەبەرامبەردا (١٨٦٣٠٠٠٠) هەژدە ملیۆن و شەش سەد و سی هەزار دیناریان بۆمان دابین بکەن، بەمەش کۆی گشتیی بودجە بۆ ئەم شانۆگەرییە گەیشتە (٢٧٦٣٠٠٠٠) بیست و حەوت ملیۆن و شەش سەد و سی هەزار دیناری عێراقی کە ٩٠٠٠٠٠٠ نۆ ملیۆن دینار لە بودجەی گرووپەکەمان بۆی تەرخان کردبوو، بۆیە بڕیارماندا شانۆگەرییەکە لە ڕێگەی فرۆشتنی بلیتەوە نمایش نەکەین".

کارۆخ ئیبراهیم جگە لەکاری دەرهێنان بۆ شانۆگەرییەکە، سیناریۆشی بۆی نووسیوە، لە شانۆگەرییەکانیدا زیاتر پشت بەدەقی شانۆیی خۆی دەبەستێت، ئەو لەمبارەیەوە

لە هەوڵێر نمایشکرا

لەبەردەم دوو خۆشەویستدا

گوتی "بۆشاییەک لە رووی دەقەوە هەیە، بۆیە خۆم دەینووسم، ئەگەرنا حەز ناکەم دەقی شانۆیی بنووسم، لەبەرئەوەی کارێکی ئاسان نییە".

وەک ئەوەی لە هەرسێ رۆژی شانۆگەرییەکەی "من و شێت"دا بینرا، جەماوەرێکی زۆر لە هۆڵەکەدا ئامادەبوون، لەگەڵ ئەوەش زۆرجار قسەی ئەوە دەکرێت کە بینەری شانۆیی نییە و شانۆ لە قەیراندایە، کارۆخ ئیبراهیم لە وەڵامی ئەمەدا رایگەیاند "ئەو کەسانە ئەو قسە دەکەن کە لەو بوارەدا کار دەکەن و تەنها زمانیان ماوە و ناتوانن کارێک بکەن بۆ ئەوەی خەڵک بۆ هۆڵەکانی شانۆ بگەڕێننەوە".

بەهمەن حاجی ئەکتەری سەرەکیی ئەم شانۆگەرییە لە بارەی رۆڵی خۆی گوتی "کەسایەتییەکەی من، کەسێکی ئاساییە وەک هەر لاوێکی ناو کۆمەڵگا، حەز و هیوای گەورەی نییە، کچێکی خۆشویستووە مەسیحییە، باوکی رێگرە لەبەردەم خۆشەویستیی ئەودا، لەبەر ئەوەی ئایینی لەگەڵ ئەو کچەی خۆشی دەوێت، جیاوازە. ئەو کوڕە هەوڵ دەدات رێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو کچە بەیەک بگات، دواتر دەچێتە شێتخانە و حەز ناکات کەس بیبینێت و دەیەوێت دوور بێت لەهەموو خەڵک و بەتەنیا ژیان بەسەر ببات".

بەهمەن ئاماژەی بەوەش کرد کە پێیوایە لەو رۆڵەیدا سەرکەوتوو بووە و ماندووبوونێکی زۆری بینیوە تا توانی ئەو رۆڵە بەرجەستە بکات.

ژیار ئیسماعیل ئەکتەری سەرەکیی ئەم شانۆگەرییە دەربارەی رۆڵی خۆی گوتی "لەو شانۆگەرییەدا دوو رۆڵم بینی، یەکەمیان رۆڵی ئەو کەسەی دەیویست قسە لەگەڵ کەسایەتیی شێتەکە بکات و لێی نزیک بێتەوە، ئەوەی دیکەیان رۆڵی کچێکی مەسیحی، کە خۆشەویستی ئەو کوڕە بوو".

ژیار ئیسماعیل ئەوەشی راگەیاند کە ئەو دوو رۆڵەی لەو شانۆگەرییەدا بینی، تا ئێستا دوو قورسترین رۆڵ بوونە.

هەر لەم بەرهەمە شانۆییەدا هەریەک لە ئەکتەران عومەر دڵپاک، حەمەسەعید ئیبراهیم و رزگار عەبدوڵرەزاق رۆڵیان دەبینی، ئەمە جگە لە کارەکانی دیکەی شانۆگەرییەکە کە ستافێکی گەورە کاری بۆ کردبوو.

وێنە: سەفین حەمید

هونەر مزوری:

تاکو ئێستا کچێکم نەدۆزیوەتەوە خۆشم بوێ و ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێکبهێنم

زۆرن ئەوانەی کە خاوەن بەهرە و توانایەکی جوانن بە بەهرەکانی خۆیان خزمەتێکی جوانیان پێشکەشکردووەو جێگای دەست و پەنجە رەنگینەکانیان دیارە، هونەر مستەفا ناسراو بە (هونەر مزوری) یەکێکە لەو لاوە بەهرەمەندو چالاکەی کە سالانێکە لە بواری راگەیاندن کار دەکات و خزمەتی باشی بە راگەیاندنی کوردی کردووە بۆ زیاتر ئاشنابوون لە بواری راگەیاندن و ژیانی ئەم دیمانەمان لەگەلی سازداو وەلامی پرسیارەکانی داینەوە.

دیمانە/ تریفە ئازاد

*** دەکرێ سەرەتا باس لە ژیانی خۆت بکەی؟**

– هونەر مستەفا مزوری ناسراو بە (هونەر مزوری) خەڵکی دەڤەری بارزانم لە ١٩٨٤/٢/٢٩ لە دایکبووم کە هەر چوار ساڵ جارێک دەکرێ جەژنی لە دایکبوونم بکەم، سەرەتای ژیانم لە مێرگەسوور بووە، دوایی هاتوومە هەولێر لە کۆمەڵگەکانی دەوروبەری هەولێر گەورە بوومەو، لە گوندی خۆم نە ژیاوم، ژیانم زۆر بە ئاوارەیی بووە و خوشک و برایەکم شەهید بووە و دووجار فڕۆکە لە ماڵی ئێمەی داوە.

*** لە منداڵی کەسێکی چۆن بووی؟**

– لە منداڵی کەسێکی شەڕانگێز بووم عەجول و بە جولە بووم، بەلام ئێستا زۆر نەرم و نیانم.

*** کەی ئاوێزانی راگەیاندن بووی؟**

– لە ساڵی ٢٠٠٠ دەستم بەکاری نووسین کرد لە گۆڤارەکان خولیایەکی زۆرو بێ هەژمارم هەبوو کە بابەتێکم بلاو بکرابایەوە ١٥ جار دەمخوێندەوە دوای ئەوەی پەیوەندیم کرد بە تەلەڤزیۆنی زاگرۆس لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دەستم بە کارەکانم کرد، دواتر بەرنامەی زیندووم وەرگرت بەیانیان دواتر ئێواران تاوەکو ئێستاش بەردەوامم، دوایین بەرنامەم زاگرۆس کافی بوو ئێستا رامگرتووە بەمزووانە دەست دەکەم بە بەرنامەیەکی جوانترو باشتر، بەلام ئێستا خولیای نووسینم هەیە زیاتر لە میدیای بینراو.

*** ئەو فاکتەرانە چین کە مرۆڤ بێژەرێکی سەرکەوتووی لێ دەربچێ؟**

– فاکتەری یەکەم جورئەتە، فاکتەری دووەم دەبێ موتابەعەیەکی گشتی هەبێ لەسەر هەموو جۆرە بابەتێک نابێ خۆت ببەستیەوە بە بابەتێک، بەڵکو دەبێ لە هەموو بوارەکانی ژیان زانیاریت هەبێ خەڵک هەیە حەزیان لە هەموو جۆرە بوارێکە ئەمە ئەرکی تۆ قورس دەکات ئەمە بۆ پێشکەشکار بۆ بێژەریش تایبەت بە دەنگوباس دەبێ نوێگەری بکەی.

*** لایەنی رۆشنبیری چەندە گرنگە بۆ بێژەری؟ ئایا ئەمە لای ئێمە هەیە؟**

– ئەگەر ئەم لایەنە نەبێ ئەوە ئەو بێژەرە بێژەر نییە دەتوانم بڵێم بەڕاستی بێژەری بە توانامان هەن، بەلام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەم رادەیەی کە مقارنەی بێژەرەکانی دەوروبەری ولاتانی خۆمان بکەن.

*** پێت وانیـیـە راگـەیاندن لە کـوردسـتـان پێشکەوتووە؟**

– پێـــشـکەوتووە، بەڵام زۆر بە نارێکی پێشکەوتووە، بەبێ بەرنامە دەتوانم بڵێم ئەم پێـشـکەوتنە لە پاشکەوتن باشـــتـــرە هەتا حەدێک باشە، بەڵام نەدبوایە واپێـشـبکەوێ لەگـەڵ ئەم پێـشکەوتنە چەندین چاڵ و چۆڵی بەجێهێشتووە ئەمە ئەرکی ئێمە قورس دەکات وەک ئەوە وایە کـە قـوتابیـیـەک بە عـبـور دەربچێت دواتر عبورەکانیان ئەوەندە لەسەر قورس دەبێ دواتر واز لە خوێندن دەهێنێ.

*** لە کـاتی پێـشکەشکردنی بەرنامـە زۆر رووخۆش دیاری ئایە بەردەوام وای؟**

– بەخوای من حەزم لە پێکەنینە چۆن حەزم لە گریانە ئاواش حەزم لە پێکەنینە دەمەوێت ئەوەی سـەیری من دەکـات نەڵێ ئەو کـەسـە پەستە کێیە حەزدەکەم پێ بکەنم زۆرجار هی ئەوە نەبووە پێبکەنم، بەڵام پێدەکەنم بۆ ئەوەی بینەر تووڕە نەبێ کـــە لە پێش شـــاشـــە دانیشتووە خۆم وانیشان دەدەم کە دڵم خۆشە.

*** تا چەند جوانی گرنگە بۆ بێژەر؟**

– دوو جۆر جوانی هەیە، جوانییـەک هەیە لە رووخـسـاری جوانە، بەڵام سەرنجـڕاکـێش نییەو شیرین نییە، بێژەریش هەیە جوان نییە رووخسارو قسەکانی دەتوانێ خۆی شیرین بکات من پێموایە شیرینی باشترە لە جوانی.

*** جیاوازی لە نێوان کرێمستی فرۆشتنی منداڵی و بێژەریی ئێستات چۆن دەکەی؟**

– لە منداڵی کرێمستی فرۆش بووم دواتر پاقلەم فـرۆشـتـووە، هەرچی ئیـشی قـورس هەبووە کردوومە بۆ خۆشگوزەرانی خێزانەکەم، جـیـاوازی ئەوکـات دنیـایەکی رووحی بوو کێشەکان کەمتر بوو ئێستا چەندین بکەوێتە نێـو جـەنجـاڵی رۆژنامـەگـەری و سـەروەت و سامان و خەم و خەفەت و بیرکردنەوە دەتوانم بڵێم پێچەوانەی هەژاری زۆر زیاتر دەبێ.

*** هەژاری چیی فێرکردی؟**

– هەژاری فێرە ئەخلاقی کردم فێرە سەبرو ئارامی کـردم هەژاری وایلێکردم کـە منیش بەزەییم بە هەژاران بێـــتـــەوە هەرچەندە من سـەرمـایەدارنیم، بەڵام ئەگـەر رۆژێک خـوا نەخواستە بوومە سەرمایەدارێکی گەورە ئەوا دەرسـێکم لە هەژاری وەرگـرتووە کـە دەبێ چیبکەم ژانەکانی هەژاری دەزانم چۆنە.

*** بۆچی تاوەکـو ئێـسـتـا بیـرت لە ژیانی هاوسەری نەکردۆتەوە؟**

– ژیان قـورسـە، دوو هۆ هەیە کە بیـرم لێ نەکردۆتەوە یەکەمیان تاوەکو ئێستا کەس نەیتوانیوە لە دڵم بێتە ژوورەوە، کەسم خۆش نەویستووە نازانم خۆشەویستی بەزۆر نییـە دامـەزراندن نیـیـە ئەبێ کـەسـێک بدۆزینەوە بکەوێتە دڵت. تا ئێستاش ئامادەنیم لەڕووی پێداویستییەکانی ژیان بۆ ئەوەی هاوسەری ژیان دەسـتنیـشـان بکەم، بەڵام زۆرم حـەز لەوەیە رۆژێک لە رۆژان دڵم نەرم بێ کـــە کچێک هەبێ بکەوێتە دڵم، بەڵام تا ئێستا نەبووەو بڕواتان بێ تاوەکو ئێستا مەجالم نەبووە بگەڕێم، کار ئەوەندە سەرقاڵی کردووم نەخۆشەویستی نە ژیانم لە بیرە.

*** مانای وایە زۆر دڵڕەقی؟**

– (بەپێکەنینەوە) بەخوا دڵڕەق نیم، بەڵام ئافـرەتێک نیـیـە دڵم نەرم بکات، چونکە خۆشەویستی رووحە ناتوانێ بە زۆر، رەنگە کچ هەبوو بێ، زۆر جـــوان بووە لەڕووی رووخسار، بەڵام لەڕووی روحیەوە نەیتوانیووە کـاریگەری لەسـەرم دروست بکات وبڕوام بە قسمەت و نسیبی خوای گەورە هەیە، بەڵام هەندێجار دایکم داوام لێدەکات کە ژن بهێنم زۆر ئەمرم لەسەر دەکات باوکم تا دایکم دەڵێ دەبێ لە خزمەکانی خۆشت بێ، بەڵام تۆزێک گوێم گرانە بۆ ئەم مەسەلەیە دڵی دەدەمەوە دەڵێم مـــاوەیەکی نزیک ئەو بەڵێنەت بە جێدەگەیەنم، بەڵام لە دڵی خۆم دەڵێم هێشتا ماومە.

*** زۆر باسی بێنازی دەکـەیت دیارە زۆر بێناز بووی؟**

– دوو جـۆرە بێنازی هەیە من بێنازی ئێـسـتـا بەکـاردەهێنم بۆ مـنـداڵـی بـێ دایـک و بـاوک بێگومـــان منیش لای دایک و باوکم بێناز نەبوومـــە، بەڵام لە کۆمەڵگە بێناز بوومە لە سەرەتای دەســتـــپـــێکردنی ژیانی من لە نەهامـــەتی و دەردەســـەری و کێشمەکێشمی ژیانی کۆمەڵایەتی بێناز بوومە.

*** وەک گـەنجانی ئەم وڵاتە بیـرت لە هەندەران نەکردۆتەوە؟**

– سـەردانی تورکـیـاو ئێـرانم کردووە، بەڵام خەڵکی ئێمە پێی وایە ئێـران و تورکـیـا وڵاتی دەرەوە نین، چونکـە هێنـدە نزیکن لە خۆمان و بەشێکی کـوردسـتـانی تێـدایە یا ســـەردانی ئەم وڵاتانەم کـــردووە لە دڵی خـــۆم سەفەری میـسـرم داناوە بەهۆی شـــوێنەوارە مـــێـــژووەکـــەی دواتر سەفەری چین بکەم گەر خوا یار بێ.

*** تۆ دوو دایکت هەیە ئایا چەند جیـاوازی دەکەی لە نێوانیان؟**

– من هەردوو دایکم وەک چرای ژیانن بۆ من رووحی منن ژیانی منن بێگومـــان ئەو دایکەی کـە راسـتـەوخـۆ لێی لە دایک بووم رەنگە ســـۆزێکی دیکەی هەبێ من بەچاوی یەکـسـانی تەمـاشـای هەردووکـیـان دەکـەم دایکەکەی دیکەم بە تەمەنە وەک داپیرەوایە دەتوانم بڵێم کەوا لە خانەی داپیرەی دابنێم، چونکە زۆر حەزدەکات رۆڵی داپیرە ببینێ، هەردووکـیـانم وەک یەک خـۆشدەوێ کـاتێک نەخۆشییەکیان دەبێ دڵم بۆیان ژان دەکات، دایکە گەورەکەم زۆر بەتەمەنە ئافرەتێکی زۆر پاکـە یەکـەم ئافـرەتە لە ژیان ببـینم کـەوا نێـوانیـان خـۆشـە وەک بووک و خـەسـوو وان بەڵام بووک و خـەســووەکی زۆر باش زۆر بە رەحم تێگەیشتوون.

ئەندێشەی چاک

کێشەی بچووک رێگا بۆ کێشەی گەورە خۆش دەکات

کە دەڵێن کێشەکەت گەورە مەکەوە، مانای ئەوە نییە مرۆ بایەخ بە گرفتەکانی ژیانی رۆژانە نەدا، بەڵام ئەگەر گیروگرفت وکێشەکانت لە قەوارەی خۆیان گەورەتر بکرێنەوە، وەکو دەڵێن کێچی بکەی بە کێوێک، ئەوە کێشەکان دەبنە رێگر وبەربەست لە رووی داهێنان و گەشەی دەروونتدا. نەک هەر ئەوەندە من باوەڕم وایە کە کێشەی بچووک، ئەگەر زۆر بە گەورەی بزانیت، زۆر بە ئاسانی رێگا بۆ کێشەیەکی گەورە خۆش دەکات، کێشەی بچووک ئەگەر بە گەورەی بزانی کێشەیەکی گەورە دەخۆڵقێنێت، جا کە خۆت لە کێشەیەکی گەرە بینیەوە، تێدەگەیت کە کێشەکە پێشوو گەلی بچووک وبێ فەڕ بوو و دەکرا زۆر بەئاسانی چارەسەری بکەیت. بەڵام ئێستا کێشەیەکی گەورەی لێکەوتەوە، کە چارەسەرکردنی گەلێک سەختە. هەر بوو نموونە لە پێوەندیمان بە یەکدییەوە، ئەگەر کێشە سووکەکانی رۆژانەمان گەورە بکەینەوە، بەڕاستی بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین، کێشەی گەورەیان لێ دەکەویتەوە، گەلێ بارودۆخی جیابوونەوە ولە یەکدی رەنجان و تۆران و دابڕان وتەڵاق بەتایبەتی لە نێوان گەنجاندا، لە کێشەی زۆر بچووکەوە دەست پێ دەکات، لە کۆتاییدا، پاش ئەوەی دەکەونە ناو بارۆدۆخێکی سەخت وگرفتێکی ئالۆز تێدەگەن کە هۆکارەکان گەلێ بچووک بوو وئەوەی نەدەهێنا گەورە بکرێنەوە.

تا درەنگ نییە بگەڕێوە

کێشەکانت خۆت بڕیاریان لە سەر دەدەیت، رەنگە خۆت دروستیان نەکەیت، بەڵام بێگومان بە خۆت بڕیار دەدەیت کە چەند سەخت ودژوارن یان سادە وئاسانن، باشترین رێگاش ئەوەیە ئەوەندە بەسەختیان مەزانە، بگرە زۆر جار دەتوانیت لێیان دەرباز بیت، خۆ ئەگەر هەست دەکەیت کێشەیەکت هەیە و خۆت دروستت کردوە، ئەوە باشترین کار ئەوەیە لێی دەرباز بیت، یەکەم شت بەوەی کە دانی پێدا نێت، وپاشان پەشیمانی دەربڕیت. ئەگەرنا... تادێت باری دەروونیت ئاڵۆزتر دەبێت وئاسوودەیی لە دەست دەدیت.

ئەو دەم بە دەستی خۆت رێگای بیری چاک وکردار چاک لە رووی خۆت دادەخەیت، ژیانت سەخت ودژوار دەبێت.

کردوەی سوودبەخش و کرداری کاریگەر بەرامبەر بە خۆت ئەوەیە کە تا دەکرێت وتا دەتوانیت ئەستانگ و کۆسپ ورێگر لە بەردەم وزەی داهێنانت راماڵیت. چەند رێگای دەربازبوونی وهەڵقوڵانی وزە خۆش بکەیت، ئەوەند بە ئاکامی کارەکانت بەختەوەر دەبیت وشادی رووت تێدەکات. بە داخەوە، کۆمەڵگە وای راهێناوین هەموو بەختەوەرییەکانی ژیان، هەموو جوانییەکان وداهاتە نایابەکانی بکەین بە ئاستەنگ وکۆسپ، بە تایبەتی لەم سەردەمەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و ئاسانکاری وبەرپاکردنی هەموو پێداویستییەکانی ژیان. کە هەموو ئەم دەستکەوتانە بە وێنەیایەکی نێگەتیڤی ناخ ودەروونمان دەکەین بە سەچاوەی ئەشکەنجەو ناسۆر وژان، لە بری ئەوەی چێژیان لێ وەرگرین، ئازاریان پێ دەچێژین، لە بری ئەوەی ناخمانی پێ رەوان وئاسوودە بکەین، دەیانکەین بە کۆسپ لە رێگای داهێنان و بەر لەوزەی پۆزەتیڤ دەگرن، کە سەرچاوەی سەرەکی بینای مروڤە.

وزەی داهێنانمان پێویستی بە رەوانی وبێ بەربەستییە

راستییەکی گەلێ سادە هەیە ،بەڵام بە دەگمەن خۆیمان پیشان دەدات وپەی پێ دەبەین: چەندە پەنا بۆ بیری چاک وئەندێشەی داهێنەرانە ببەیت، ئەوەندە سەرەتای کارکردنت لە سەر ئەو کۆسپانە سەخت تر دەبێت. بەڵام پاشان، پاش راهێنان و راهاتن ئەو کۆسپانە وەکو بەفر دەتوێنەوە.

جارێ پێش هەموو شتێک، ئەو کۆسپانە کاتێک خۆیان پیشان دەدەن کە تۆ روو لە داهێنان دەکەیت، لە سەرەتادا زۆر بە تووند دێنە پێشێ، ئەو دەمە ئەوان کاریگەر و چالاک دەبن، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر وزەی داهێنان وگەشەی دەروونت سەرکوت بکەی، ئەگەر لە بری گەشبینی رەشبینی بکەیت بە دیدو روانگەی ژیانت، ئەوا ئەو کۆسپ رێگەرانە خۆیان پیشان نادەن، وەکو ئەوەی هەر نەبن، یان مۆڵەتیان وەرگرتبێت، چونکە تۆ خۆت کۆڵت داوە وبگرە کارەکەی ئەوان جێبەجێ دەکەیت. ئەو کۆسپانە بێگومانن لەوەی کە ناگەیتە ئامانجەکانی ژیانت ئیدی.کۆسپەکان کامەنان؟

د. فازڵ جاف

لە یادی ٥ ساڵەی ماڵئاوایی هونەرمەندە خۆشەویستەکەی کوردستان فوئاد ئەحمەد

لە قۆناغی سەرەتایی بووم لە شاری کەرکووک، بەیانیان رادیۆی کوردی بەغدا بەرنامەیەکی هەبوو بەناوی بەیانیت باش، سەرەتای بەرنامەکە گۆرانیی ئاسۆی هونەرمەندی کۆچکردوو فوئاد بوو.. دەنگەکەم زۆر لا خۆشبوو ئەوەندەی نەخایاند زیاتر ئاشنای گۆرانییەکانی بووم و هۆگری دەنگە رەسەنەکەی بووم، گۆرانی سلاوبۆتۆ، لەگەڵ یارا- خیوەتی ئێمەو کۆمەڵێک گۆرانیی دیکەی ئەم هونەرمەندە وای لەمن و هەنەدێ لە برادەرانم کرد شەیدای دەنگی فوئاد ئەحمەد بووین سەرەڕای خالقی و شەماڵ سائیب. کاتێک تەلەڤزیۆنی کەرکووک دامەزرا هەمووی دوو هەفتەی پێنەچوو، گۆرانی (وەرە بابڕۆین ئەی بووکی تازە)ی هونەرمەند فوئاد ئەحمەدی بڵاوکردەوە، ئەوەشمان لەبیرنەچێ یەکەمین هونەرمەندی کورد لە شاشەی تەلەڤزیۆنی کەرکووک دەرکەوت خوالێخۆشبوو فوئاد ئەحمەد بوو بەو گۆرانییەی ئاماژەم پێکرد دەنگێکی رەسەن و هۆنراوەی بەهێز سەرسامی جوڵانەوەی کاتی گۆرانیگوتنی بووین. پاش (ئادار و لە ئاهەنگی هۆڵی (خلد) لە بەغدا فوئاد ئەحمەد بەجلوبەرگی کوردی سرودی (ئێمە پێشمەرگەین هەتاماوین..) پێشکەشی ئاهەنگەکە کرد ئیتر ئەمە چووە وێردی زمانی زۆربەی قوتابییانی کەرکووک. ئەو

سرودە بەو جۆش و حەماسەتەوە تا ئەمڕۆشی پێوەبێ هەمان تام و چێژی هەیە لای گەلی کورد. ئیتر رۆژانی سەختی سیاسەت ناچاری کردم پاش نسکۆ تاڵەکەی ١٩٧٥ کوردستان بە جێبهێڵم و روو لە تاراوگە بکەم، تا پاش راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ هەلمان بۆ رەخسا سەردانی کوردستان و کەسوکار بکەینەوە کە ١٨ ساڵ بوو دابڕابووین، لە مانگی ٨ی ١٩٩٣ بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی ١١ یەمین پارتی لە ئەمەریکا هاتمەوە کە ئەوکاتە بێژەر بووم لە بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمەریکا VOA رۆژی ١٩٩٣/٨/٥ چوومە خزمەتی هونەرمەندی هەمیشە لەیاد فوئاد ئەحمەد، زۆر زۆر رێزی لێگرتم و باسی رەوشی هونەرمەند لە رابردوودا کراو منیش پێمڕاگەیاند هەر لە منداڵییەوە شەیدای دەنگە بەسۆزەکەیم و تەنانەت لە ئەمەریکاش زۆرکات گوێ لەگۆڕانییەکانی دەگرم مرۆڤێکی دڵپاک و قسەخۆش و وەفاداربوو بۆ دۆستەکانی، چونکە لەبیرمە کە گوتم لە ئەمەریکاوە هاتووم یەکسەر هەواڵی یەک دوو لە برادەرەکانی پرسی. گوتم لەوێن، گوتی ئەوانە دۆستی ئازیزی ئەون و لە هەولێر زۆرکاتیان بەیەکەوە بردۆتەسەر ئەوەندە دەڵێم کۆچی دوایی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد زیانێکی گەورە بوو لە هونەری کوردی کەوت کە خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە هونەری کوردی کرد و یەکێکە لە هونەرمەندە دیارەکانی کوردستان. سلاو لەیادی.

وریا جاف

رۆژگارێک

لە راستەوە
جیهانبەخش/ هونەرمەند ئەسعەد قەرەداغی -هونەرمەند محەمەد جەزا

هەولێر
تۆمارگەی خەیام
١٩٧٧/١٢/١٣

بۆ یەکەمین جار ئەم وێنەیە بڵاودەکرێتەوە
ئەرشیفی جیهانبەخش کۆیی

راگری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کەرکووک:

لە هەر شارێک پەیمانگەی هونەرەجوانەکان هەبێت ئەو شارە پێشدەکەوێت

هونەرمەندی ناسراوی شاری کەرکووک، چالاک سدیق جگە لەوەی ئەندامی گروپی ئۆرکێسترای سلێمانییە، راگری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کەرکووکیشە، ساڵانێکی زۆرە وەک ژەنیاری ئامێری کەمان لە بوارەکەدا کاردەکات، گۆڤاری هەرێمی کوردستان بەباشی زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا سازبدات.
دیمانە: سەردار زەنگنە

*** سەرەتا چۆن ئاشنامان دەکەیت بە وێستگەکانی ژیانی خۆت؟**

- لە ١٩٦٥/١٢/٣١ چاوم بە دونیا هەڵێناوە و قۆناغی سەرەتاییم لە قوتابخانەی شۆریجەی کەرکووک دەستپێکردو هەر پۆلێکیشم لە شوێنێک تەواو کردووە، پاش تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی، چوومە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی موسڵ و لەگەڵ تەواوکردنی خوێندنم لەساڵی ١٩٨٨ تووشی کۆمەڵێک نائومێدی بووم، هەموو هیواکانم دواخران بۆ پاش ڕاپەرین و لە ساڵی ١٩٩١ دیسانەوە دەستم بە ژیانی هونەری کرد.

*** سەرەتای درووستبوونی خولیای موسیقات بۆکەی دەگەڕێتەوە و کەی خۆت لە بوارەکەدا بینییەوە؟**

- من بۆخۆم لەساتەوەختی لاویمەوە ئەو خولیایە لام چەکەرەی کرد، دایکم دەگێڕێتەوە کە مامەکانم لە ساڵانی حەفتاکاندا، گرامافۆنیان هەبووە و منیش ئەوسا بەمقەبا ئیستوانەم دروست دەکرد و ناوی گۆرانیبێژەکانم لەسەریان دەنووسی، وەک عەلی مەردان و برایانی زیزی، ئەوەی لەیادم بێت لە ساڵی ١٩٧٣ وە بەرهەمەکانی تیپی سلێمانیم زۆر لاخۆش بوو ، بەتایبەتی گۆرانییەکانی قادر کابان و ئەو بەرهەمانەی ئەوکات لە تەلەڤزیۆنە ڕەش و سپییەکەی کەرکووک پەخش دەکرا، دەتوانم بڵێم لەوێوە ئەو خولیایە لام دروست بوو، دواتر لەساڵی١٩٧٤ وە من مۆسیقای هۆڕەی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغیم دەناسییەوە، دوای نسکۆی ١٩٧٥ کاتێک لە چەمچەماڵ بووین، زۆر حەزو ئارەزووم بۆ ئامێری کەمان دروست بوو، ساڵی ١٩٨٠ خوالێخۆشبوو عومەر مەلا سدیق کە ئەوکات ئامێری عودی دەژەنی، هەندێ وانەی مۆسیقای پێ وتم، دواتر هەر بەخۆی بە کاک عیمادە ڕەشی ناساندم و ئەویش بەهەمان شێوە هەندی وانەی پێ وتم، لە مامۆستا جەلال وەندیش هەندێک سوودم بینی، لە ساڵی ١٩٨٢ لەسەر دەستی مامۆستا قادر مەردان بۆ ماوەی ٦ مانگ لە خولێکی مۆسیقا بەشداریم کرد و سوودێکی باشم وەرگرت کە ئەمە بووە بنەمایەک بۆ من و هەر ئەمەش بوو من بە پلەیەکی باش لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی موسڵ

وەربگیـــرێم، لە پەیمانگەش ئاشنایەتیم لەگەڵ هونەرمەندان، ئامانج غازی و سەید ئەحمەد و چەتۆ نەورۆزو شێرزاد حەیدەری و فاروق باپیرو ژمارەیەکی دیکە پەیدا کرد.

*** وەک ئەندامێکی تیپی ئۆرکێستـرای سلێمـانی و لە هەمـان کـاتدا راگـری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کەرکووک، چۆن کـارەکـانت دابەشکردووە لە نێـوان هەردوو لا؟**

– من بۆخۆم پێشتریش مامۆستا بووم و سەرقاڵی وتنەوەی وانەی مۆسیقا بوومە لە پەیمانگە، وەلێ کارکردنم لە ئۆرکێستـرا پاش دەوامی پەیمانگەیەو رێگر نیـیـە لەبەردەم کـارەکـانی پەیمانگەم، وەک ئاشکرایە ئۆرکیسترای سلێمانی سەرەتا ناوی نیشتمان بووە، دواتر گۆڕا بەم ناوەی ئێستای، هەڵبەت بیرۆکەی دامەزراندنی تیـپـێکی لەو جـۆرە لە پاش ڕاپەرینەوە هەبووە، پاشان لە سـاڵی ٢٠٠١ توانرا ئەو تیـپـە دابمەزرێنرێت کـە ژەنیـارەکـانی لەسەرجەم شارەکانی کوردستانن و دواتر کە هونەرمەند نەجات ئەمین بەهەندێ بەرهەمی خۆی و چەند کارێکی جیهانی گەڕایەوە کـوردسـتـان و نۆتەکـانی بەسـەرمـاندا دابەشکرد و توانیـمـان لە کۆنسـێـرتێکدا نمایشی بکەین و ناومان لێنا، خێڵی حەمە کە تا ئێستاش بەبەردەوام لە کوردستان tv پەخش دەکـرێت، ئەمـەش هەوێنی ئەو ئۆرکیسترایە بوو کە سەرەتا مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و مامۆستا عادل محەمەد کەریم پێی هەڵسان و جاری واش هەبووە پێکەوە لەگەڵ ئۆرکیسترای عێراق بە هاوبەش لە چەند بەرهەمـێکدا پێکەوە بەشـــدار بووینە بەتایبـــەتی ئەو ئۆرکێسترایەی بۆ هونەرمەند عەدنان کەریم سازدرا.

*** ماوەیەک لەمەوبەر وەک ئۆرکیسترای سلێمانی کۆنسێرتێکتان لە کەرکووک سازدا، لەسەر خواستی خۆتان بوو یاخود لەسەر داوای لایەنێک بوو؟**

– بەتەئکید ئەو کۆنسێرتە لەسەر خواستی خـۆمـان بوو، من بۆخـۆم وەک رێکخـەری بیـرۆکـەکـە بەو ئەرکـە هەڵسـام و دیارە مـامـۆسـتـا ئەنوەریش چەند مـانگێک لەمەوبەر نیازی ئەوەی هەبووە بۆ سازدانی کۆنسێرتێکی لەو جۆرە، وەلێ تەقینەوەکەی ریسـتـۆرانیی عـەبدوڵڵا و شـەهیـدبوونی ئامۆزایەکم لەو کردەوە تیرۆریستییە، بووە هۆی ئەوەی ئەو چالاکییە دوابخرێ.

*** بابێـینە سـەر بەشی مـیـوزیک لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کەرکووک و قوتابییان و خوێندکارانی ئەو بەشە چۆن دەبینی و ئاسـتی مـۆسـیـقـایان لەچ ئاسـتـێکدایە، ئومـێدی ئەوە دەکـرێت لە پاشـەڕۆژدا ژەنیـاری باشـیـان تێـدا هەڵکەوێ؟**

– من پێموایە لەهەر شوێنێک پەیمانگەی هونەرەجـوانەکـان هەبێت، دەبێـتـە هۆی ئاوەدانی ئەو شـارە، بۆ نموونە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی وەک پەیمانگەی دایک لە کوردستاندا، ئێستا ئەو شارە زۆرترین ژەنیاری هەیە، بەشی مۆسیقای زۆر سـەرکـەوتووە و لە ئاسـتـێکی زۆر بەرزدایە، هەڵبـــەتە ئەوانیش بەچەند قۆناغـێک گـەیشـتـوونەتە ئەم ئاسـتـە، هەربۆیە من وای دەبینم ئایندەیەکی گـەش چاوەڕوانی بەشـێکی زۆر لەو قـوتابی و فێرخوازانەبێت، ئەگەرچی مەرجیش نییە هەموو ئەو قوتابییانە ژەنیاری باشیان لێ دەرچێت، ئەمە پەیوەستە بەحەزو خولیای هەریەک لەوان کە تاچەند دەیانەوی بەفعلی لە بوارەکەدا کاربکەن و حەزیان بۆ بوارەکە هەیە. ڕەنگە لەناویان هەبێ تەنها بەنیازی بەدەستهێنانی بڕوانامە هاتبێتە پەیمانگە و هەشیانە بەجدی خۆی ماندوو دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ژەنیارێکی سەرکەوتوو.

*** وەک بەئاگابم ژمارەیەک لە قوتابییانی بەشی مـــۆسـیـــقـــا لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کەرکووک، گروپێکی ئۆرکـێـسـتـرایان دامـەزراندووە و چەندین کـۆنسـێـرتیـان لە ناوەوەی کـەرکـووک و دەرەوەیدا سازداوە، جەنابتان وەک ڕاگری ئەو پەیمانگەیەو لە هەمـان کـاتدا وەک ژەنیـارێکی خـاوەن ئەزمـوونی شـارەکـە، تاچەند هاوکـاریی ئەو گـروپەتان کـردووە لەڕووی رێنمـایی دواتر بۆ ناسـاندییـان بەفەرمی؟**

– رەنگە هەوێنی ئەو گروپە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە وانەی خوێندنی بەکۆمەڵم دەوتەوە لە پەیمانگە، دواتر سـاڵی پار فـیـسـتـیـڤـاڵێکمـان سـازدا کـە خـۆم سەرپەرشتیم دەکرد، کەئەمەش تا رادەیەک بۆ کەرکووک کارێکی باش بوو، ئەمە بووە هەوێنێک بۆ ئەوەی ژمـارەیەک ژەنیـاری بەتواناو خوێنگەرم بتوانن لەنێو خۆیاندا ئەو گـروپە درووست بکەن، ئەمن بۆخـۆم هیچ کات نەمویستووە دەست لە کارەکانیان وەربدەم، وەلێ ئەوان هەرکـــاتێکیش پێویستیان بە ئێمە بوو، لە خزمەتیاندا دەبین، بۆ مـــەســـەلەی بەفـــەرمی ناساندنیشیان، پێموایە ئەوە زوو بێت، هەندێ ئامێر هەیە لەو تیپەدا نییە، ئەگینا منیش حـەزدەکـەم ئەو تیـپـە بەفـەرمی بناسرێت و مۆڵەتی فەرمی پێبدرێت، پێشم باشـە ئەو تیـپـە تایبـەت نەبێت تەنهـا بەگەنجان، بەڵکو کەسانی دیکەش بتوانن لەو تیـپـەدا رۆڵیـان هەبێت، کـەرکـووک پێویستی بە تیپێکی مۆسیقا هەیە، چ ئۆرکێسترا بێت، چ بەشێوەیەکی دیکە، بۆ ئەوەی سەرجەم ژەنیارانی کەرکووک لەژێر چەتری ئەو تیپەدا کۆببنەوە.

ڕەش و سپی لە شانۆی کوردیدا

کۆڕێک لە بارەی قەیرانی شانۆی کوردی

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی (٨/١١) لە هۆڵی ڕۆشنبیریی هەولێر، کۆڕێک لە ژێر ناونیشانی (ڕەش و سپی لە شانۆی کوریدا) لەلایەن هەردوو شانۆکاران ژیلوان تاهیر و هیوا سوعاد بەڕێوەبرا، هەر دوای بەڕێوەچوونی کۆڕەکە بەپێویستمانزانی لەمبارەیەوە دوو پرسیار لە هەردوو بەڕێزان بکەین و سەرەتا ژیلوان تاهیر سەبارەت بەمەبەستی کۆڕەکە گوتی: مەبەستمان لەدانانی ئەو ناونیشانە بۆ کۆڕەکە دیارکردنی دیاردەی نەرێنی کوردەواری و پشتاوپشت بوو لە شانۆی کوریدا وەک دوولایەنی ئیجابی و سەلبی بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە خەڵک بڵێین شانۆ وەک خۆراک وایە، کە هەمیشە مرۆڤ ناتوانێ بەبێ ئەو شانۆیە هەڵبکات، دیارە ئێمە ئەو کۆڕەمان سازکرد تابزانین ئێمەی شانۆکار چیمان بۆ شانۆی کوردی کردووە، یان دەمانەوێ لە ئایندەدا چی بۆ شانۆ بکەین.

کە بەسەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی لە قەڵەم دەدرێت، دیارە مەبەستمان لە وشەی ڕەشوسپی واتا هەردوولایەنی ئیجابی و سەلبیە وەک لەسەرەوەش ئاماژەم بۆ کردووە. دواتر بەڕێز هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆی هەولێر گوتی: دیارە مەبەستمان لەو کۆڕە ئەوەیە کە هەندێک کەموکوڕی دەستنیشان بکەین و لەڕێی ئەو کۆڕەوە دەست لەناو دەست و وەک برا چارەسەری بکەین جارێکی دیکە خەڵکەکە لەگەڵ شانۆدا ئاشت بکەینەوە و هەوڵی ئەوەش بدەین ئاستی شانۆی کوردی بەرز بکەینەوە چونکە زۆر لەتیپەکان کارو جموجۆڵیان نییەو دوورەپەرێزن، بێگومان مەبەستیشمان لەڕەش و سپی بەرچاوخستنی هەردوو لایەنی ئیجابی و سەلبییە لە شانۆکەدا، تا ڕاو سەرنجی هونەرمەندان لە نزیکەوە لەبارەی ڕەوشەکە وەربگرین و لە ئایندەدا کاری لەسەر بکەین، دیارە هەندێکیان زۆر بەڕوونی پەنجە لەسەر گرفتەکان دادەنێن ئەوەش مایەی دڵخۆشییە، تا بەهاوکاری هەموومان ڕەوشەکە چارەسەربکەین.

جێگەی باسە لە کۆڕەکەدا هونەرمەندانی ئامادەبوو هەریەکەو ڕاو سەرنجی خۆیان لەمەڕ کۆڕەکەو ڕەوشی ئێستای هونەری کوردی هەبوو و کەشێکی هونەرییان سازاند.

ئا. وێنە: ئەحمەد سەرهەنگ